# عومەر عارف

مستەفا سالح کەریم

کات لەدوا هەناسەیدا بوو، ئەمو هەوری‌ئەو ئێوارەیەی مانگی
ی‌یەکەم لە چوارچێوەیەکی خەمگینا ئەی نواند.
ماوەیەك بوو كاك عومەر عارفم نەبینیبوو، بۆیە کە بەیەك گەیشتین زۆر
بووم، بەدەم ڕازو خوازەوە بەرەو ماڵی خۆیان ڕۆیشتین. پێش ئەوەی
ئاوایی لێ‌بکەمو بەجێ‌ی بهێڵم پێم ووت:
وکاکە عومەر، باش بوو بیرم کەوتەوە، دکتۆر مارف خەزنەدار لە
ابیرەوە نامەیەکی بۆ ناردووم ئەڵێ: بەکاك عومەر بڵێ سڵاوی لێ دەکەم،
ەوێ لە دەفتەرێکی تایبەتیدا بەدەست خەتی خۆی سەرگورشتەی ژیانیم بۆ
سێتەوە، لە وەڵاما ووتی: زۆرباشە، بەم زوانە دەستی پێ‌ئەکەم.
ئەم دەزانی ئەفریای نووسینی سەر گورشتەی ژیانی دەکەوێ‌و نە
ێکی‌تریش پێکەوە دائەنیشین‌و ئەوە دوا چاو پی‌کەوتن‌و دوا گفتوگۆمان
ێ. چ جۆرە پێش بینی‌یەك بوو لەو ڕۆژانەدا دکتۆر مارف داوای بەسەرهاتی
ی عومەر عارف بکات بەدەست خەتی خۆی؟ چ جۆرە دڵ خەبەردانێك
ێ لەو غەریبیە ئەوەی بیربکەوێتەوە؟ ئەی بۆ ئەو ئێوارەیە كاك عومەر
ەتاسەوە ئارەزووی ئەوەی بوو لەتەك هاوڕێکانیا دانیشی؟ تۆ بڵێ‌ی بەبیریا
ی‌ کە ئەوە دانیشتنی ماڵ ئاواییە!
ئیتر دوای ئەو ئێوارەیە بە دوو ڕۆژ نەخۆش‌کەوت‌و بەبێ هۆشی برایە
خۆشخانەو تا ئەو کاتەی گیانی سپارد لەبێ ئاگاییدا بوو. پاش چەند ڕۆژێ لە
شتەنگاوی ڕۆژی ١٩٨٦/١٢/٢٣ گیانی سپاردو بۆ یەکجاری ماڵ ئاوایی لێ
دین.
کە چاوێك بە لاپەڕەکانی ژیانی عومەر عارفا دەگێڕین، بۆمان دەردەکەوێ
مرۆڤێکی هەڵکەوتوو بوو، خۆی‌گەیاندوو قسە خۆش، خۆبەخت‌کارو لە
ۆبوردوو، نووسەرو ڕەخنەگرێکی زیرەکی سەردەمی خۆی، مامۆستایەکی

کارامەی سەرکەوتوو لە ماتماتیکدا، وەرگێڕێکی شارەزا، بەکورتی کەم کەسی واهەڵدەکەوێ، کە جۆرە کۆمەکییەك لە خۆش ویستنیا هەبێ، هەمیشە کۆڕی عومەر عارف گەرم‌و گوڕ بوو، هەرگیز لە ژیانیا زیانی بۆ کەس نەبوو، تەنیا لەتەك خۆیدا خراپ بوو، دنیای دابوە بەرو گوێ‌ی نەئەدایە ژیان‌و تەندروستی خۆی.

**بەپێچەوانەشەوە بەتەنگ دڵی هاوڕێکانیەوەبوو، لە تەنگانەدا بەدەنگیانەوە دەهات‌و چی لە دەست بهاتایە دریغی نەدەکرد، گیروگرفتی ئەوانی بە هی خۆی دەزانی.**

**عومەر عارف هەر لەیەکەم ساڵی بەغدایەوە کە قوتابی بوو لە (دار المعلمين العالیە) ئاشنایەتی لەگەڵ بەندیخانەکاندا پەیدا کرد. لە مانگی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٤٩ لە یادی یەکەم ساڵی ڕاپەڕینەکەی دژ بەپەیمانی (پۆرتسماوش) دەرگای کولێژەکان داخران‌و قوتابیەکانیان بەرەو شارەکانیان ناردەوە. كاك عومەریش هاتبوەوە بۆ سلێمانی. لەیەکێك لەو خۆپیشاندانانەی ئەو ڕۆژانەدا جڵەوی ڕێك خستن‌و سەرکردایەتی بەو سپێرابوو، بۆ سەر لێ تێك‌دانی پۆلیس‌و (شوعبەی تایبەتی)، لە مزگەوتێکدا خەڵکەکەی کۆکردەوەو دارەمەیتێکی بەتاڵ بەپەتوویەك داپۆشراو خرایە سەرشانی چوار کەس‌و قوتابیان‌و کرێکاران‌و کاسبکارانیش دوای کەوتن، کە لە ئەسحابە سپی تێپەڕین ودەست بە (هوتاف) کێشان‌کرا، ئەمجا بەرەی میری تێگەیشتن کە فێڵیان لێ‌کراوە، دەیان (بروخێ) بەرانبەریان ئەتەقییەوە. کە هێزی پۆلیس بە خۆیان‌و (دۆنکی)یەکانیانەوە نزیکتر بوونەوەو لەگەڵ جەماوەر بەرەنگاری یەك بوون، ئەوسا بەفەرمانی كاك عومەر دارەمەیت دانراو بڵاوەی لێ‌کرا.**

**هەر پاش گەڕانەوەی بۆ بەغدا گیراو ئەنجومەنی عورفی لەتەك سەدانی وەك خۆیا ڕەوانەی بەندیخانەی مەرکەزی کرد.**

کاك عومەر کاتێك کە خوێندنی تەواو کرد، بوو بە مامۆستای ماتماتیك لە سانەوی (تلکێف). بە پێکەنینەوە دەیگێڕایەوە دەیوت:

«بەخوا ئەم چوار ساڵەی خوێندنی (عالی) لەسەر من زۆر کەوت، خۆ من ئەوەندە گیرام‌و بەربووم‌و دەرکرام‌و وەرگیرامەوە، وای لێ‌هات کەس بە قەدەر من ڕەفیق دەورەی نەبێ، چونکە هەرساڵەی دەبوومە هاوڕێ‌ی چەند کەسێك، کە دەگیرام ئەوان دەردەچوون‌و دەبوونە مامۆستا، کە بەردەبووم سەر لە نوێ دەبوومە هاوڕێ‌ی دەستەیەکی‌تر» لە بارەی ژیانی ئەو سەردەمەیەوە یەکەم ڕووداوێ کە زۆرجار بە پێکەنینەوە بۆیان دەگێڕایەوە ئەوەبوو دەیوت:

«یەکەم ساڵمان‌بوو، لە یەکەم مانگدا لە یانەی قوتابیان ئاهەنگێکی قەشەنگیان بۆ سازکردین بۆ یەکتر ناسین، ئەو مێزەی ئێمە کە بریبی‌بووین لە چەند کوڕێك‌و چەند کچێ‌و مامۆستایەکیشمان لەتەکدابوو، دەبوایە هەریەکە هەستێ‌و ناوی خۆی پێشکەش بکات‌و تەوقە لەگەڵ هاوڕێکانیا بکات، بەڕێکەوت من هیچ کامیانم نەدەناسی، کیژۆلەیەکی نازدار هەستاو بە نازێکەوە خۆی پێشکەش کرد کە دەستی بۆ درێژکردم ناوی خۆی ووت: لەیلا، منیش بەبزوتنەوەیەکی شانۆیی ووتم:

قەیس، ئیتر هاوڕێکان دایانە قاقای پێکەنین، کچەش لە هەموان زیاتر. ئەو (نوکتە)یە لە (عالیە) دەنگی دایەوەو بووە هۆی ئەوەی زیاتر لێم نزیك بینەوەو لە هەموان زیاتر هاوڕێ‌و ناسیاوم هەبێ».

کاك عومەر لەگەل ئەوەدا کە وەك جارەها دەیگێڕایەوە لە تەمەنی منالیدا ژیانێکی نالەبارو سەخت‌و گوزەرانێکی ناهەمواری بەسەربردووەو لە نازی دایکی خۆی بێبەری بووە، بەڵام ئەمە نەبووبوە گرێ لە دڵیاو تەنانەت ئەو خوشك‌و برایانەی کە لە دایکی خۆشی نەبوون لەگەڵ ئەوانی‌ترا هەرگیز لێکی جیا نەئەکردنەوە، وەهەردەم باڵی خۆشەویستی بەسەر هەموانا ڕاکێشابوو، بەتەنگ ئێش‌و ئازارو گیروگرفتیانەوەبوو، هەروەك چۆن لەتەك هاوڕێکانیا زمان شیرین‌و قسە خۆش‌بوو لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکەشیانا هەربەو جۆرە بوو.

عومەر عارف ئەدیب‌و نووسەرو ڕوناکبیر، ئەگەر نالەباریی ژیان وازی لێ بهێنایەو سەرومڕ خووی‌بدایەتە ئەدەب، گومانم نیە کە بلیمەتێکی هەڵکەوتوو دەبوو لە جیهانی ئەدەبی کوردیدا.

من زۆر کەسم دیوە لەوانەی کە شیعریان بەزۆری لەبەرە... بەڵام ئەم د
کەسی واهەبێ چیرۆك‌و پەخشانی کوردی لەبەربێ، ئەمەم بەتەنیا لە عوم
عارف بینیوە. سەرەڕای ئەوەی کە شیعری کەڵە شاعیرانی زۆر لەبەربو
هەروەها پەخشان‌و چیرۆکیشی لەبەربوو، بەتایبەت نووسینەکانی (گۆران
(بلە).

جارەها لە دانیشتنی خۆمانا گوێم لێ بووە کە بە هێمنی‌و لەسەرخۆ (لەبە
وەك کاغەزێکی نووسراو یان کتێبێك بخوێنێتەوە، دەچووە دنیا تایبەتیەکە
(گۆران)ەوەو دەیوت:

«توانجەکانت لەسەر سەرم، بۆ سەرگەردانێکی دڵداری وەکوو من، چ
لەوە خۆشترە ئەودەست‌و پەنجەیەی دڵی دەرزی ئاژن ئەکات، دەست
پەنجەی یاری نازداریێت! کە قسەی ڕەق کاغەزەکەتان دە جارو بیست ج
ئەخوێنمەوە، دڵی خۆم ئەوەندەی ئەو پارچە ئاوریشمە بەختیار د
پێش‌چاو، کە لە بەر دەست لەپاش هەزاران تەریب‌و تەقەڵ هێن
چاوەنواڕی هەزاران نووکە دەرزی ترە بۆ نەخشێکی تازەتری شیرین‌تر.. تا
د» چەندین جار گوێم لێ‌ی بووە چیرۆکەکانی (کوێرەوەری) لەبەر
ئەگێڕاینەوە، ئەو ئەدەبەی چێژی لێ وەربگرتایەو کاری تێ بکردایە هەرگیز
بیری نەدەچووەوە.

عومەر عارف وەك باسی دەکرد هەر لە منالیەوە لە دنیای ئەدەبدا ژیا
(عارف‌عورف) باوکی یەکێك بووەلە شاعیرانی سەردەمی خۆی‌و شیعر
شاعیرە کلاسیکیەکانی جارەها بەگوێ‌ی عومەرا داوە، با ئەوەش بڵێین
عومەر لەگەڵ باوکیا پەیوەندیەکی تایبەتیان هەبوو وەك دوو هاوڕێ لەگە
یەکدا مامەڵەیان دەکرد، هەندێ جار لەساڵانی پەنجا کاتا کە بەسەردا
دەهاتەوە بۆ سلێمانی بەپێکەنینەوە دەیوت: «ئەم شەو باوکم دەعوەتی
کردووم».

لە قۆناغی قوتابخانەی سانەویشدا هاوڕێ‌ی زۆر نزیکی دوو شاعیر
ناسیاوبوو، بە زۆری لەگەڵ ئەوانا دەبینرا، ئەو دوو شاعیرەش مامۆستایان (ع
ح. ب)و (کاکەی فەللاح) بوون. ئەمە جگە لەو هەموو پەیوەندی
خۆشەویستی‌و برایەتی‌و تێکەڵی‌یەی کە هەر لە زووەوە لەتەك مامۆستای شاع
(ئەحمەد هەردی)دا هەیبوو، هەروەها لە نزیکیشەوە مامۆستا (گۆران)

ی. لەسەرەتای شەستەکانیشەوە تا دوا ڕۆژی ژیانی لە تەك برای شاعیردا
ستا ع. ع. شەوئم) هاوڕێ بوون. سەرەڕای ئەوەی کە زۆربەی ئەدیبە
وەکان هاوڕێ‌ی بوون‌و ڕێزیان لێ‌دەگرت.

کاتێ کە گۆڤاری (شەفەق) لە شاری کەرکوك مۆمی لە دایك بوونی بۆ
سێنرا. ئەو سەردەمە کاك عومەر مامۆستا بوو لەوێ. هەر لە یەکەم
یەوە یەکێك بوو لە ئەندانانی دەستەی نووسەرانی ئەو گۆڤارە ئازیزە.
ی (هەسان)ەوە گەلێ ووتاری جوانی بڵاوکردەوە. چەقۆشی لە نووسینی
ێ کەس لەوانەی هەڵیان دەگرت بۆ لەهەساندا.

لەوەودواش بەناوی (شەن)ەوە چەندین ووتاری لە ڕۆژنامەی (ئازادی)دا
کردەوە.

لە ژمارە دووی (شەفەق)دا لە ژێر ناوی (کوردو شیعر) انووسیویەتی: (..
ەختێك بەووردی‌و بە چاوێکی پڕ ڕەخنەوە سەیری ئەدەبەکەمان بکەین،
ایەتی دیوانە شیعرەکان. جا کەبەراوردێکی تەواومان لەگەڵ یاسای
ەبی‌و لەگەڵ ئەدەبە بەرزەکانی گێتی کرد. ئەو وەختە بە خۆمان ئەڵێین: ئای
گەلێکی کلۆڵ‌و کوێرەوەرو دواکەوتووین لەم باری ئەدەبییەوە). لە پاشان
ڵێ:

(با بزانین ئەم زۆربەی خوێندەوارانی کوردە بۆچی ئەوەندە سەریان
دۆتە سەر شیعر دانان. نەء تیپ ڕیز کردن. وە ئایا ئەگەر هاتوو
وێندەواران بەر پەرچیان نەدەنەوە. وەبەڕەخنەی ئەدەبی ی پاك‌و ناپاکیان
ێ جوێ نەکرێتەوە ئەنجامەکانی چی ئەبێ؟). هەتا دەڵێ:

(با بچینەوە سەر بڕبڕەی پشتی باسەکەمان. ئەرێ ئەم پاشا گەردانی ی
یعر لە چاپ کردنە چی‌یەو چیمان تێ‌ئەگەیەنێ). هەروەها دەڵێ:

(بێگومان کورد ئێستا ئەبێ خۆی بە چیرۆك‌و لێکۆڵینەوەی ئەدەبییەوە
ەریك بکا. کە خۆشی بەم چەشنە ئەدەبەوە خەریك کرد. ئەوا دیارە ژیانی
خوێندەواریمان بەرەو پێشەوە دەڕوا).[3]

لە دواییدا د. احسان فؤاد بە دوای ئەم ووتارەی کاك عومەرا ووتارێکی
بڵاوکردەوە لەم ڕووەوە پشتگیریی ڕاو بۆ چوونەکانی ئەوی کردبوو.[3]

زۆربەی ژمارەکانی ئەو سەردەمەی (شەفەق) جێ‌پەنجەی عومەر عارفیان
تیایە. لە ژمارە (٣)دا چەند سەرنجێك دەربارەی (ڕشتەی‌مرواری) پیشان
ئەدات. لە ژمارەیەکی تراووتارێکی دەربارەی نازم حیکمەت نووسیوەو پارچە
شیعرێکی ئەوی بە ناوی (ماڵ‌ئاوایی)یەوە کردووە بەکوردی.[4] لە ژمارەیەکی
تری هەمان گۆڤارا لە یادی بێکەسا دەڵێ:

«دە ساڵ لەمەوبەر. لە ڕۆژێکی تۆف‌و گەردەلوولا. لە ڕۆژێکی سەخت‌و
کڕێوەدا. ئا لەوڕۆژەدا - یادت بەخێربێ - کە هەرچەندە لە ڕۆژێکی‌وادا
یەکێك ئەمرد. ئەتوت: بەخوا ئەمە ڕۆژی مردن نییە. کەچی خۆشت
بەرکەوتی نەك هەر ڕۆژێکی وا سەرماو سۆڵەبوو. بەڵکو لەو ڕۆژە ڕەشانە بوو کە
زۆرمان لە یادمانە کە کاسە لە کەوچك بکەوتایە. بەردەستەکانی ئیستیعمار
بەبیانووی مەبادیئی هەددامەوە گەنجە نیشتمان پەروەرەکانیان لە کونی بەندیخانە
توند ئەکرد».[5]

لە سەرەتای شەستەکانا پیشەکی بۆ کۆمەڵە چیرۆکێکی کاك مەحموود زێوەر نووسی.
هانی دابوو کە خۆی بەم لقەی ئەدەبەوە خەریك بکات‌و بە شێوازێکی ئەدەبی ی جوان‌و
بەچەند دێرێکی کورتی خەست مەبەستەکانی دابوە دەست. لە دواییدا ئەم پیشەکییە لە
سەری کەوت‌و ئەویش کەوتە بەر (حەملە)ی ڕۆژنامەی بڕوا.

بەهەرحاڵ عومەر عارف لەتەك کاروان ئەدەبا دووروونزیك بەڕێوە بوو. تاساڵی ٩٧٠
کە یەکێتی ی نووسەرانی کورد دامەزرا. عومەر بوو بە ئەندام وە بۆ یەکەم جار لە شاری
سلێمانیدا دوو کۆڕی ئەدەبی ی سازکرا. یەکەمیان بۆ شیعرو دووەمیان بۆ چیرۆك. لە کۆڕی
دووەمدا کاك عومەر هەڵسەنگاندنی چیرۆکێکی پێ‌سپێرابوو[6] ئێستاش لە بیرمە بەم
ڕشتەیە دەستی پێ‌کرد: «ئێوارەیەك بە سیبوونەکەرانا بەرەو ژوور دەبوومەوە کە بچمەوە بۆ
ماڵەوە. لەبەر دەرگای ماڵێکدا دوو ئافرەت دانیشتبوون. یەکێکیان بۆ ئەوی‌تر ئەدواو
ئەیوت: «باجی مەحسووم. ساڵ فڵانە ساڵ بوو بڕواو نەیەتەوە. گرانی بوو. هیچ دەست
نەئەکەوت. ترس لە ناوبوو. دنیا سارد بوو. نەفت هەڵدایە ئەمەیی. سکم بە (حەمە)
پڕبوو. باوکی (حەمە)ش - دوور بێ لە ئێستا - گیربوو ڕەوانەی ئەو خوارانە کرا بوو.
پێ‌یەکم لێرەو پێ‌یەکم لای ئەو بوو... تا.. د».

ئەمجا کاك عومەر ووتی: خەڵکینە ئەم دەست پێ‌کردنە ساکارە کە ئافرەتێکی
نەخوێندەوار هەروا بەئاسانی بۆ ژنێکی ئەگێڕێتەوە. بەلای ئێوەوە لە دەست پێ‌کردنی
چەندەها چیرۆکی ئەم سەردەمە جوانترو ڕەوانترو دیارتر نیە؟» هەردوای ئەو کۆڕە بەچەند

رۆژێك لە یەکەم هەڵبژاردنی دەستەی بەڕێوەبەری لقی سلێمانیدا ڕۆژی ١ / ١٠ / ١٩٧٠ کاك عومەر عارف لەتەك چەند نووسەرێکی‌ترا بە ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری لقی سلێمانی یەکێتی‌ی نووسەرانی کورد هەڵبژێررا. ئەو ساڵە بەشداری‌ی هەموو چالاکییەکانی یەکێتی کرد. هەروەها لە بەرنامەکەی یەکێتی‌دا لە تەلەفزیۆنی کەرکوکا لە کۆڕێکی تایبەت بە (گۆران)دا، بەشداری کرد.

ئیتر وەك لە نزیکەوە ئاگادارم لە گشت کۆنگرەکانی یەکێتی‌و هەردوو میهرەجانی شیعرو هەر دوو دیداری چیروکدا بەشداربوو.

کەچی کاتێك کۆچی دوایی کرد - داخی گرانم - نەك چلەو کۆڕی ماتەم، بەڵکو لەری‌ی پارچە پەڕۆیەکی ڕەشیش نەگیرا کە دوو ووشەی بۆ تیا بنووسری. بەڵام هاوڕێ نزیکەکانی تێکرا لە بەری کردنی‌و لە پرسەیدا بەخەمگینی‌یەوە بەشداربوون‌و لەتەك یادو بیرەوەری‌و یادگاری ڕۆژانی ڕابوردوویدا دەژیان. ئەوەش شتێکی ئاساییە لای ئەوانەی قەدری مرۆڤ دەزانن‌و بە شانازییەوە یادی هەڵوێستە مەردانەکانی دەکەنەوەو یادگارەکانی هەمیشە لەگۆلدانی دڵیانا بەسەوزی دەپارێزن.

لە ساڵانی حەفتاکانا عومەر عارف دەورێکی باڵای لەوەرگێرانی کتێبی قوتابخانەکانا بینی. تا لەدواییدا بۆ بەپسپۆری لێ پرسراو لە دەزگای بەڕێوەبەرێتی گشتی خوێندنی کوردی وە بۆ ماوەی یەك دوو ساڵ هەربەم کارەوە خەریك بوو. لەسەردەمی دەرچوونی گۆڤاری (دەنگی مامۆستا)دا. گۆشەیەکمان هەبوو بەناوی (ژمارەی پێشووم خوێندەوە) لەتەك مامۆستایان محرم محمد امین‌و عبد العزیز خانەقاو فەرەیدوون عەلی ئەمینا ڕووم لەویش نا کە بەشداری بکات. ئەوە بوو ژمارە دووی بۆهەڵسەنگاندین‌و لە ژمارە سێ‌دا ووتارەکەی بڵاوکرایەوە.[٧]

**ئەی هاوڕێی ئازیز**

وا لەبەر چاومی. ئەو ئێوارانەی کە یەکێکت دەستگیر نەدەبوو شەوان بتگەیەنێتە ماڵەوە. لە دوکانەکەی مامۆستا حەمە لاوەوە بەتەنیا بەرەو ماڵەوە ئەڕۆیشتیتەوە. ئێستاش هەر بەتەنیایت.

شەوگار درێژەو پێکی هاورێکانت پڕن‌و هەر پەرداخەکەی تۆ بەتاڵە. کۆڕ گەرمەو کورسی‌یەکەی تۆ لە چاوەڕوانیدایەو کەس لەسەری دانانیشێ. بەتاسەوە چاوەڕێی هاتنت‌و ئامەزرۆی ووشە شیرینەکانتن.

ڕۆژ کورتەو فریای بیرکەوتنەوەت ناکەوین. ببورە - هاوڕێم - ئەمە ڕۆژگارە. دەیان ئازیزمان لەبەرچاو وون دەبن‌و شەوەها فرمێسکیان بۆ هەڵدەڕێژین‌و لە ئەنجامیشدا ناچارین کە خۆمان لەسەر - کۆست کەوتن - ڕابهێنین‌و فەرامۆشی بە خۆمان بدەین.

**کاکە عومەر:**

کاغەزە سپیەکانت بۆر هەڵگەڕاون‌و خەو زاوەتە چاویان. دەمێکە لوول کرا...
هیچیان لەسەر نەنووسراوە. کتێبەکانت تۆزیان لێ‌نیشتوەو دێڕەکانی ناویان چاوە...
لەگەڵ برژانگەکانی چاوە ماندووەکانتا یەکتری ماچ بکەن.
تەپڵەکی جگەرەکەت وەك جاران پڕە لە ئاغزەو سووتوو.
کورسیەکەت، مێزە پشێوەکەت، قەرەوێڵەکەت، پەنجەرەی ژوورەکە...
پەردەکانی، هەموویان لەجێ‌ی خۆیاندان‌و دەستیان لێ‌نەدراوە هەر تۆی کە لە جێ...
خۆت نەماوی هەرچەند بیردەکەمەوە. عەقڵم نابڕی کە ئیتر ناتبینمەوەو جارێکی تر گ...
لە قسە خۆشەکانت نابێ...

بەڵام دەسەڵاتێك بەرامبەر بەمەرگ هەیە.؟
کێ ئەتوانێ بەرەنگاری‌بێ‌و نەهێڵی ئازیزانی لێ‌زەوت کا؟

هەر ئەوەندەم دەسەڵاتە لە دوو توێ‌ی دڵما ناوو نیشان‌و یادگارەکانت بپار...
ئێستاش بچرپێنم بە گوێتاو بڵێم: ماڵ ئاوا. لەتەك گۆرانیشا بڵێم:

**یادی گەورەیی‌و شیرینی‌و چاکی**
**بەڵگەی مانە بۆ ژیانی پاکی!**

**پەراوێزەکان**

(١) پەخشان: نامەیەك بۆ خەرامان / ئەنجامی هەڵبەست
وگۆرانە ئەم پەخشانەی بەناوی «خورشید»ەوە بڵاوکردۆتەوە.
(٢) گۆڤاری شەفەق ژمارەدوو ١٥ / ٢ / ٩٥٨: کوردو شیعر

(٣) گۆڤاری شەفەق ژمارە پێنج‌و شەش مایس‌و حوزەیرانی ٩٥٨ لەونووسینەدا د. احسان فؤاد دە...
«... لەو بڕوا باوەڕەی وتووتە کە زۆری هەڵبەستەکان کرچ‌و کاڵن. هەتاوای‌لێ‌هاتووە هەموو کە...
دەست بداتە قەڵەم‌و هەڵبەستێك بڵاو بکاتەوە... من زۆر لەگەڵتام. وەوای ئەزانم ئەم پێویس...
ئەکەوێتە ئوباڵی ئەستۆی خاوەن ڕۆژنامەو گۆڤارە کوردییەکان.
دوابەدواش پێویستە لێرەدا بڵێم: من لەم چەند دێرەدا تەنیا چەند بەشێکی کەمی ئەم با...
دەرخستووە. ئەگینا لە بیروباوەڕا ئازادەیێکی زۆر لەگەڵ ووتارەکەی کاك (هەسان)دام. جگە لە...
بەشێکی بچکۆلانە نەبێ کە دەرم خستووە.»

(٤) گۆڤاری شەفەق ژمارە نۆ تشرینی یەکەمی ٩٥٨
(٥) گۆڤاری شەفەق ژمارە ١١. ١٢ / کانوونی یەکەمی ٩٥٨ یادی یێکەمی نیشتمانپەروەر...
(٦) ئەم کۆڕە ڕۆژی ٢٣ / ٩ / ٩٧٠ لە هۆڵی زانکۆی سلێمانی سازکرا سێ چیرۆك لەلایەن: طه با...
جیهان عومەرو تاهیر سالح سەعیدەوە خوێندرانەوە. ڕەخنەو هەڵسەنگاندنیشیان بەعبد الصمد خان...
عومەر عارف‌و مستەفا سالح کەریم سپێررابوو.
(٧) گۆڤاری دەنگی مامۆستا ژمارە ٣ ساڵی یەك تەمووزی ١٩٧١.